www.kurdistannet.org
15-10-2007 21:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەخێرهاتن بۆ مالپەری جەبار شێخانی، جیهانی هەمەرەنگ و تازەگەری ... جەبار شێخانی

ئەوەی سەرەوە پێناسێکی کورتی مالپەڕی منە، ئەمڕۆ لە مالپەڕی کوردستان نێت بابەتێکم بەر چاو کەوت کە کەسێکی نەفس نزم بە دڵێکی پڕ لە قینەوە بەرانبەر مالپەڕی من و کاک لێزان بەرزنجی نووسیویەتی (ئامانجی جەبارشێخانی و لێزان چی؟)

ئەم نا کەسە کە خۆی بە هەزقین گەرمیانی ناوزەند کردووە، کۆمەڵێک قسەی هەڵەق و مەڵەقی نووسیووە هەرچەند من حەزم نەکرد و ناشیکەم کە وەڵامی ئەم گەندە خۆرانە بدەمەوە بەڵام بریارم داوە کە وەڵامی ئەم کەسە بدەمەوە چونکە پێم وایە ئەم کەسە تا ئێستا نازانێت نووسین چی یە؟

ئەو لە سەرەتا نوسینەکەیدا دەڵێت (ئامانجی جەبار شێخانی چی؟)

من بەر لەوەی وەامی ئەم بدەمەوە منیش هەمان پرسیرا دەکەم لەوە گەندە خۆرە و ئەڵێم ئایا ئامانجی تۆ چی یە لەم نووسینە، تانها بۆ ئەوەی پێت بڵێن نووسەر؟ ئەگەر نازانیت بنووسیت تۆش مەبە بە کەوەکە (ئەگێرنەوە ئیڵێن کاتی خۆی کەوێک هەبووە نەی دەخوێند بەڵام کاتێک دەیخوێند دەیوت گووووووو) ئەوە تۆش وەک ئەو کەوە وایت نازانیت بنووسیت کە شتیشت نووسی لە گوپیس تر ئەنوسیت.

بابێمە سەر وەڵام:

ئامانجی جەبار شێخانی خزمەتکردنە بە کورد و کوردستان لەم بوارەی کە دەستم تێداوە، تۆ چی بە خزمەتکردن دەزانیت؟ من رۆژانە زیاتر لە 12 کاتژمێر بەرانبەر بە کۆمپیوتەر دادەنیشم بۆ کۆکردنەوەی بابەت و بڵاوکردنەوەیان لە بەرگی مالپەڕێکدا کە بە زمانی رەسەنی کوردی شیرین نوسراوە و رۆژانە هەزارانی لە تۆ بەڕێز تر سودی لێ وەدەگرن

تۆ باسی ئامانجی گشتی دەکەیت و ناشزانی گشتی مانای چی چونکە ئەگەر بتزانیایە ئەو نەسینەت نەدەنووسی، مالپەڕی من، مالپەڕێکی گشتی یە بۆ یە باسی هونەر گۆرانی هەواڵەکان بابەتی زانستی، رۆشەنبیری گشتی، هەزاران بەبەتی تر کە رۆژانە بڵاویان دەکەمەوە، ئیتر پێم ناڵەیت مانای گشتی چی یە؟

تۆ لە نوسینەکەتدا دەڵێت جەبار شێخانی هیچی لەبارەی خۆیەوە نەنوسیوە

من وەڵامت ئەدەمەوە و ئەڵێم، من نەهاتووم مالپەر بکەمەوە باسی خۆم بکەم بااڵم ئەوەندەیە و وا جوانم وا دەکەم و وادەکەم، من هاتووم ئەم مالپەرە جوانەی خۆم، ئەم ئەرک و ماندووبوونەی رۆژانەی خۆم بکەمە دیاری بۆ هەزاران گەنج و لاوی کورد لە سەرانسەری جیهان دا.

کێ هەیە تا ئێستا سوودی لە مالپەری جەبار شێخانی وەرنەگرتبێت؟

تۆ باسی گۆرانی دەکەیت؟ باوەرناکەم خۆت ئەسڵەن هەر بزانیت گۆرانی مانای چی یە؟

تۆ دەڵێت لە کۆتایدا هیوادارم ئەم مالپەرە مافی خەڵک بەفیرۆ نەدات؟ تێم ناگەیەنیت کامە مافی خەڵکە من بە فیرۆم داوە، بۆ نموونە ناهێنیتەوە ئەگەر دەزانیت نوسینەکانت راستە؟

بە بۆچونی من، هەتا ئەم جۆرە نوسینانە لەسەر مالپەری جەبار شێخانی بنوسرێت ئەوە مایەیی سەربەرزی یە بۆ من وەک جەبار شێخانی، ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێت کە مالپەرەکەم ئێستا ئاشنایە بە هەموو کوردێک، ئەوەش تاقە ئامانجی منە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.